# ئادابی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوەکاندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ آداب التعامل مع الأبناء ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئادابی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوەکاندا

- نەوەکان بەرهەمی ژیان و بیلبیلەی چاو و سەرتوێژی تەمەنن، بەوانەوە ژیان خۆش و شیرینە، مایەی هیواو ئاواتن، بە فەر و بەرەکەتیان رۆزی زیاد دەکات و سۆز و بەزەیی دادەبەزێت و پاداشتی خوای گەورە چەندجارە دەبێتەوە.

- ئەرکی سەرەکی دایك و باوکە بە چاکترین شێوە منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، پەروەردەیەك لەمیانەی قورئان و سوننەتەوە سەرچاوە بگرێت و، تۆوی خێر و چاکە و چاکەخوازییان تێدا بروێنرێت، تا ببنە فاکتەرێك بۆ حەسانەوەی دایك و باوك و، هاوڵاتییەکی چاك و خێرخواز لەنێو کۆمەڵگادا.

گەر سیفات و سیمای چاکە لە نەوەکاندا بەرجەستە بکرێن، ئەوکات دەبنە مایەی جوانی و رازاوەیی ژیانی دونیا، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا}الكهف/٤٦. واتە: ماڵ و سامان و کوڕ و کاڵ، جوانی و زینەتی ژیانی دونیان.

- هەر لەم سۆنگەوە پێغەمبەری ئازیز( صلى الله عليه وسلم ) نزای خێری بۆ خۆشەویستان واکردوە، کە خوای گەورە فەر و بەرەکەت بخاتە ماڵ و نەوەکانیانەوە، (اللهم اكثر ماله وولده وبارك له) رواه البخاري ومسلم.

- بەڵام گەر دایك و باوك کەمتەرخەم و بێ ئاگا بوون لە پەروەردەکردن و رێنمایی کردنی نەوەکانیان، بەرەو خواناسی و چاکەکردن، ئەوا منداڵەکانیان دەبنە مایەی بەڵاو خەم و پەژارەو ئازار بۆیان، لە شەونخونی شەو و ماندویەتی رۆژ بەولاوە هیچ بەرهەمێکی تریان نابێت و رەنج بەخەسار دەبن.

- مسوڵمانی ژیر و هوشیار دەرك بە بەرپرسیارێتی سەرشانی دەکات بەرامبەر بە نەوەکانی و، چاك لەو ئایەتە قورئانیە تێ دەگات کە خوای گەورە فەرمویەتی: {يَا أَيُّهَا

الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ} التحريم/٦. واته: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە.

ئەمەش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە کەوتۆتە ئەستۆی دایك و باوك بەرامبەر بە نەوەکانیان و، پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی ئیسلامی دروست و راستەقینە و، پێگەیاندنیان بە پێگەیاندنێکی چاك و دروست لەسەر بنەمای رەوشتە باڵاکان، هەروەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئاگاداری کردوینەتەوەو فەرمویەتی: (إنما بُعثت لأتمم مكارم الأخلاق). بە واتای: پەروەردگار بۆ ئەوە ناردوومی تا رەوشتە بەرزو باڵاکان تەواو بکەم.

دوای ئەم دەستپێکە ، لە چەند خاڵێکدا بەکورتی ئاداب و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوەکاندا دەخەینە روو:

**یەکەم/ فێرکردن و راهێنانی منداڵان لەسەر نوێژکردن و پابەندبوون پێوەی:**

هەروەك پێغەمبەری خوا( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی: (مروا أولادكم بالصلاة، وهم أبناء سبع سنين، واضربوهم عليها وهم أبناء عشر) رواه احمد وابوداود واسنادە حسن. واتە: فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بەنوێژکردن کە تەمەنیان دەگاتە حەوت ساڵان و، لێیان بدەن گەر گەیشتنە دە ساڵان و نوێژیان نەکرد. مەبەستیش لە لێدان ئامۆژگاری و ورياکردنەوەیە نەك سزاو ئازاردان.

هەر ماڵێك گوێبیستی ئەم فەرمودە بێت و فەرمان بە منداڵەکانی نەکات بە نوێژکردن کاتێك دەگەنە تەمەنی حەوت ساڵان و لێیان نەدات کاتێك دەگەنە تەمەنی دە ساڵان و نوێژ ناکەن، ئەوا ئەو دایك و باوکە کەمتەرخەم و گوناهبارن بەرامبەر بە خوای گەورە.

جێگای ئاماژەیە وشەی ( ضرب ) چەندین واتاو راڤە لەخۆدەگرێت لەنێویاندا وشەی ( ضرب ) لێرەدا مەبەست لێدان نییە بەڵکو بردنی منداڵەکانە بۆ مزگەوت بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژکردن .

**دووەم/ بەکارهێنانی باشترین شێواز و میکانیزم بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەکان :** لەبواری عەقیدەی ئیسلامی و خواپەرستی و ئاداب و رەوشتە ئیسلامیەکان، بەشێوازێك رەچاوی ئاستی تەمەن و ژیرییان بکرێت.

## سێیەم/ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆیان:

یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی دایکایەتی و باوکایەتی ئەوەیە وا منداڵەکانیان ڕابێنن، تا منداڵەکان هەست بەوە بکەن کە دایك و باوك سۆز و خۆشەویستی بێ ئەندازەی بۆیان هەیە، بەو شێوازە نەوەکان لەرووی دەروونیەوە بەچاکی پێی دەگەن و دڵ و دەرونیان ئاوەدان دەبێت و هیواو ئاوات لە خەیاڵ و هەست و نەستیاندا چەکەرە دەکات.

سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی ڕەوشتێکی ئیسلامی ڕەسەنەو یەکێکە لە ڕەوشتە باڵاکانی پێغەمبەری ئەکرەم، (علیه الصلاه والسلام). هەروەك ئەنەس خوای لێ رازی بێت، بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (ما رأيت أحدا كان ارحم بالعيال من رسول الله( صلى الله عليه وسلم )، قال: كان إبراهيم مسترضعة له في عوالي المدينة، فكان ينطلق ونحن معه، فيدخل البيت، فأخذه فيقبله ثم يرجع) رواه مسلم. بەواتای: کەسم نەبینیوە هێندەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بەسۆز و بەزەیی بێت بەرامبەر بە منداڵان، وتی: ئیبراهیم شیرەخۆرەبوو لای یەکێك لە خێزانەکانی مەدینە، پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) دەرۆشت و ئێمەشی لەگەڵدا بوو، دەچووە ژورەوەو هەڵی دەگرت و ماچی دەکرد و ئینجا دەگەڕایەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويعرف حق كبيرنا) متفق عليه. بەواتای: لە ئێمە نیە ئەوەی بەزەیی بە بچوکماندا نەیەتەوەو مافی گەورەمان نەزانێت.

لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت کراوە، کە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم ) ، حەسەنی کوری عەلی، )خوایان لێ رازی بێت(، ماچ دەکرد، ئەقرەعی کوری حابس وتی: (إن لي عشره من الولد ما قبلت منهم أحدا، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : من لا يرحم لا يرحم ) متفق عليه. بەواتای: من دە منداڵم هەیە، کەسیانم ماچ نەکردوە، پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئەوەی بەبەزەیی نەبێت بەزەیی پێ ناکرێت.

## چوارەم/ دابینکردنی خەرجی و پێداویستیەکان:

ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەنها بە سۆز و خۆشەویستی فێری دایك و باوك بۆ نەوەکانی وازناهێنێت، بەڵکو ئەرکی دایك و باوکە پێداویستی و خەرجی نەوەکانیان دابین بکەن بەپێی توانایان، هەروەك پێغەمبەری خوا)صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: (إذا انفق الرجل على أهله نفقة يحتسبها فهي له صدقة) متفق عليه.

بەواتای: ئەگەر پیاوێك خەرجیی خانەوادەکەی بکێشێت و مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، ئەوە بە سەدەقە بۆی دەژمێردرێت.

لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە خەرج کردن و دابینکردنی پێداویستی ماڵ و منداڵ چاکترین جۆری خەرجکردنەو پاداشتێکی زۆر و نەبراوەی هەیە لای خوای گەورە، هەروەك پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (دينار أنفقته فى سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة، ودينار تصدقت به على مسكين، ودينار أنفقته على اهلك، أعظمها أجرا الذي أنفقته على اهلك) رواه مسلم. بەواتای: دینارێك لەرێی خوا ببەخشیت، دینارێك لە ئازادکردنی کۆیلەیەك ببەخشیت، دینارێك بە هەژارێکت بەخشیوە، دینارێك لە خانەوادەکەتدا خەرج کردبێت، ئەوەی گەورەترین پاداشتی هەیە لای خوای گەورە ئەو دینارەیە کە بۆ خانەوادەکەت خەرج کردووە.

مسوڵمانی دامەزراو و راستگۆ ناتوانێت واز لەخانەوادەکەی بهێنێت تا لەنێو دەستکورتی و فەوتاندا بژین، چونکە گوێبیستی فەرمودەی پێغەمبەرە ( صلى الله عليه وسلم ) کە هەرەشە لەو پیاوانە دەکات کە کەمتەرخەمن بەرامبەر خانەوادەکانیان و هەرەشەی توندیان لێ دەکات و دەفەرموێت: (كفى بالمرء إثما أن يضيع من يقوت) رواه مسلم وابوداود. بەواتای: ئەوەندە تاوان بەسە بۆ کەسێك کە ئەو کەسانەی خەرجییان لەسەرێتی بەزایە بدات و خۆراك و پێداویستییان بۆ دابین نەکات.

**پێنجەم/ جیاوازی نەکردن لەرووی سۆز و خۆشەویستی وخەرجکردنەوە:**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاداشتێکی گەورەی بۆ باوك داناوە لە بەخێوکردنی نەوەکانیاندا، بەتایبەت بەخێوکردن و پەروەردەکردنی کچان، تا ئەندازەی ئەوەی باوکان ئەوە بخوازن حەز بکەن خوای گەورە کچیان پێ ببەخشێت، چونکە لەو فەرمودەی پێغەمبەر بە چاکی گەیشتون کە دەفەرموێت: (من كان له ثلاث بنات، فصبر عليهن، وأطعمهن وسقاهن وكساهن من جدته، كن له حجابا من النار يوم القيامة) رواه احمد فى مسنده باسناد ێحيح، بە واتای: هەرکەسێك سێ کچی هەبێت، ئارامیان لەسەر بگرێت، بەکۆشش و ماندووبوونی خۆی خۆراك و خواردنەوەو پۆشاکیان بۆ دابین بکات، دەبنە بەربەست لە ئاگر بۆی لە رۆژی قیامەتدا. لە ریوایەتێکی تردا فەرمویەتی: (من كان له ثلاث بنات يؤويهن ويكفيهن ويرحمهن، فقد وجبت له الجنة البتة)، فقال رجل من بعض قوم: وابنتين يا رسول الله؟ قال: وابنتين). بەواتای: هەرکەسێك سێ کچی هەبێت، بیانحەوێنێتەوەو پێداویستیەکانیان دابین بکات و بەزەیی پێیاندا بێتەوە، بەبێ گومان بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت. پیاوێك لە یەکێك لە هۆزەکان وتی: ئەی دوو کچ، پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: دوانیش.

دوای ئەم فەرمودانە، چ باوكێك دڵتەنگ و بێ تاقەت دەبێت كە خوای گەورە كچی پێ بەخشیوە، لەكاتێكدا پەروەردەكردن و بەخێوكردنی كچان ئەو هەموو پاداشتە گەورەو نەبراوەی هەیە لای خوای گەورەو، دەبێتە مایەی پاراستن لە ئاگری دۆزەخ.

### شەشەم/ چاودێری:

پێویستە دایكان و باوكان چاودێری نەوەكانیان بكەن لە هەموو بوارەكانی ژیاندا، لەبواری خوێندن و خوێندنەوە، حەز و ئارەزوەكانیان، ناسینی هاوەڵ و هاورێكانیان، بەسەربردنی كات، بەشێوازێك چاودێرییان بكەن كە هەستی پێ نەكەن، بە مەبەستی ئەوەی توشی لادان و هەڵەو كەموكورتی نەبن، پێویستە دایك و باوك رۆڵی كارا ببینن لە پێكهێنانی نەوەكانیانداو، پلان و بەرنامەی دروستیان بۆ دابنێن، تا خاوەن كەسایەتییەكی دامەزراو و رەوشتێكی بەرز و هەڵسوكەوتێكی جوان بن، بەردەوام هەوڵی ئەوە بدەن حەز و ئارەزوەكانیان بە ئاراستەیەكدا ببەن كە ببێتە مایەی پەرەپێدانی لایەنی خێر و چاكە لە دەرونیان و كوژانەوەی پشكۆی گوناە و تاوان لە دڵ و دەرونیاندا. گەر باوكان وایان نەكرد، ئەوا منداڵەكانیان توشی لادان و خراپەكاری دەبن و دەبنە دوژمن و نەیار بۆیان، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ} التغابن/١٤. واتە: بەراستی هەندێ لە ژنان و منداڵانتان دوژمنی ئێوەن، جا خۆتانیان لێ بپارێزن.

### حەوتەم/ بەیەكسانی رەفتاریان لەگەڵدا بكەن:

شێوازی پەروەردەی دروستی نەوەكان ئەوەیە بە یەكسانی رەفتاریان لەگەڵدا بكرێت و كەسیان لەوانی تریان بەرزتر رانەگیرێت، چونكە نەوەكان گەر هەستیان بەو یەكسانییە كرد، ئەوا بەشێوەیەكی چاك و دروست گەشە دەكەن و دورو دەبن لە گرێی دەرونی و ئیرەیی و رق و كینە بەرامبەر بە یەكتری، بە پێچەوانەوە رەزامەندی و لێبوردەیی و خۆشەویستییان بۆ یەكتری زیاد دەكات. هەروەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە: (عن النعمان بن بشير رضي الله عنهما، إن أباه أتى به رسول الله( صلى الله عليه وسلم ) فقال: اني نحلت ابني هذا غلاما كان لي. فقال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ): (أكل ولدك نحلته مثل هذا؟) فقال: لا. فقال رسول الله( صلى الله عليه وسلم): (فأرجعه) وفي رواية: فقال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ): (أفعلت هذا بولدك كلهم؟) قال: لا. قال: (اتقوا الله واعدلوا في أولادكم) فرجع أبي فرد تلك الصدقة) متفق عليه. بەواتای: لە نعمان بن بەشیر دەگێرنەوە كە باوكی بردی بۆ لای پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) و وتی: من كۆیلەیەكی خۆم بەخشیوە بەم كورەم. پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: وەك ئەمەت بە هەموو منداڵەكانت بەخشیوە؟ وتی: نەخێر. پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: بیگەرێنەوە.. لە

گێرانەوەیەکی تردا: پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: ئەمەت بۆ هەموو منداڵەکانت کردووە؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: لەخوا پارێزکار بن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادوەر بن.

لەم روانگەوە پێویستە لەسەر مسوڵمان دادپەروەر بێت لەنێوان نەوەکانیدا و فەزڵی کەسیان بەسەر کەسیاندا نەدات لەرووی دیاری و بەخشین و هەڵسوکەوت و مامەڵەوە. تا هەموو نەوەکان پێکەوە سۆز و خۆشەویستییان بۆ باوکیان هەبێت و نزاو پارانەوەی خێری بۆ بکەن.

## هەشتەم/ چاندنی بەهاو رەوشتی بەرز و باڵا تیایاندا:

باوکان و دایکان دەتوانن نەوەکانیان بگەیەننە ئاستێکی بەرز و باڵا لەرووی رەوشت و بەها مرۆڤایەتیە بەرزەکانەوەو، لەسەر خۆشەویستی کەسانی تر و بەزەیی هاتنەوە بە هەژاران و لاوازان و، جێبەجێ کردنی سیلەی رەحم و، رێزگرتنی گەورەو بەزەیی هاتنەوە بە بچوك و، حەزکردن لە کاری چاکەو، بڵاوکردنەوەی دادپەورەری لەنێو خەڵکاندا و راستگۆیی و ئارامگرتن و ...هتد. پەروەردە بکەن و لەناخ و دڵ و دەرونیاندا ئەم بەهایانە بروێنن.وەك وتراوە (الصلاح من الله والأدب من الآباء).

ئەمەو پاراستن و دورخستنەوەی نەوەکان لە رەوشت و ئاکاری نارەواو و خراپ وەك درۆ و دزی و ئیرەیی و غەیبەت و دوزمانی و رەنجاندنی دڵی دایك و باوك و ... هتد .

ئەمەو پێویستە دایك و باوك پێشەنگی چاکی نەوکانیان بن لە هەموو فەرمان و کارێکی چاکەو خۆپاراستن لەکارو کردەوەی خراپە ، گەر بە پێچەوانەوە رەفتاریان کرد ئەوا ئامۆژگاری و وتەکانیان هیچ بەهاو سەنگێکی نابێت و پرۆسەی پەروەردەکردن لە بنچینەوە دەروخێت . چونکە سروشتی مرۆڤ وایە ئەوەندەی ئاکارو رەفتار کاریگەری دروست دەکەن ئەوەندە وتەو وتار دروستی ناکەن .